# جەلال بەرزنجی لەکوردستان جێی ناکرێتەوەو لەکەنەداش خەلات دەکرێت

زۆربەمان جەلال بەرزنجی شاعیرو رۆشنبیر دەناسین... هێمن و لەخۆبردوو.. نوێخوازی لەشیعردا کرۆتە ئامانجی خۆی.. دەنووسێت بێ ئەوەی رەچاوی پاداشتی پیاهەلدان و یا لێخوێندن بێت. وەکو خۆشی دەلێت هەمیشە هەولی داوە تایبەتمەندی بداتە شیعرەکانی و شیعری کورت دەنووسێت، بەجۆرێک کە خۆی بەیەکێک لەپێشەنگەکانی ئەهم بوارە دەزانێت.. لەهەولێردا گەورە بووەو لە کەنەدا لەلایەن رێکخراوی قەلەمی کەنەدی خەلاتی نووسەری تاراوگەی ئەمسال 2007ی پێدرا.. من نامەوێت دەربارەی تەنیا خەلاتەکەی قسەی دەگەلدا بکەم، بەلکە دەمەوێت هێندەک بۆ رۆژانی رابردووش بگەرێینەوە، وەکو داهێنەرێک و نووسەرێکی زیندانی و سەرکێشێکی نوێخواز هەڤپەیڤینێکی لەگەل سازدەم، بە هیوای ئەوەی تاراوگە ببێتە کەهشی پتر داهێنان و زیاترو زیاتر ناساندنی کەسێتی کورد بە دونیای دەرەوەو داهێنانی بەردەوامیش لەهەمان کاتدا.. جێگەی بایەخی منە شاعیرێک لەکوردستاندا رابکات و جێی نەکرێتەوە و خۆشییەکانی و بیرەوەرییەکانی تەنیا جێ بێلێت و لە کەنەداشدا خەلات بکرێت.. ئەمە سەرەتای ئەو دەستپێکە نوێییەیە کە جەلال بەرزنجی دەتوانێت مرۆڤ بوون و شیعرو داهێنان پتر لەئامێز بگرێت...

غازی حەسەن – ئەمەریکا

جەلال بەرزنجی: **من هەمیشە حەز دەکەم خۆم بم و لە شیعر نووسین نەکەوم ..**

جەلال بەرزنجی:**هەمیشە رەخنە کۆن دەبێت بەلام دەقی جوان کۆن نابێت**

جەلال بەرزنجی :**تا ئێستا هەندێك ناوچەی (حەرام) کراو وەك (سێکس )( ئاین)(ریفۆرم)( رەخنەی گەرم لە سیاسەت) لە ناو رۆشنبیری کوردی ماوە**

.جەلال بەرزنجی : **روانگە لە پەراویزی سیاسە ت دروست بوو**

جەلال بەرزنجی : **زۆرجار شاعیرەکان یات نووسەرەکان زیادەرۆی دەکە لە خۆ رەپێش کردن خۆ تۆخ کردن بە رەنگی حزب ودەسەلات**

جە لال بەرزنجی : **زۆر شاعیری باش هەن گەر لە رێزمان ئیمتحانیان بکەی رەنگەبکەون.**

جە لال بەرزنجی :**لە کوردستان بۆ ئەوەی خەلات بکرێت دەبیٚ لە (لق) یان (مەلبەند) تەسکیە بکرێت**

**غازی** حەسەن: جەلال بەرزنجی کێییەو دەیەوێت کێ بێت؟

جەلال بەرزنجی: **لە بایۆگرافیم جەلال محەمەد عەباس م لە دایك بووی سالی** 1953 .**پیشە مامۆستا ژنم هێناوە سیٚ مندالم هەیە** 9 **سالەدانیشتوی تاراوگەم لە کەنەدا ,رەنگە ئەم پێناسەیە مەبەستی تۆ نەبێت ,تۆ زیاتر مەبەستت جەلال بەرزنجی بێت وەك شاعیر, یان ئەم مێژووەی کە لە رێگەی دوور ودرێژو پڕ لە هەلکشان و داکشانەی کە لە گەلٚ دەست پیٚ کردنی یەکەمین هەولی شیعر نووسینەوە دروست بووە ,بەلای منیشەوە ئەمەیەیان مێژووی راستەقینەی نووسینەوەی روحی**

**خۆمەو رەنگە لە مێژووی کەسێکی تر نەچێت ,سەرەتای نووسینی من دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا حەفتاکان و نووسین لە سەر بڵاوکراوەی سەر دیواری پۆلی چوارەمە ئامادەی کوردستان(نشره مدرسیه) دوایش هەرلەوێ بە هاوکاری خوێندکارانی ئامادەی کوردستان (شەهید کاردۆکەلالی .عەبدوللازەنگە دلشاد عەبدولا. تاهیر حسێن ,جەلال بەرزنجی)گۆڤاری (بیری نوێ)مان دەرکرد یەکەمین پەخشانە شیعری خۆم بە ناوی(گۆرستانێکی قلیشاوە) لەوێدا بڵاو کردەوە. دوایش لە کۆتای حەفتاکان یەکەمین کۆمەڵە شیعرم بە ناوی(سەمای بەفری ئێواران ) بڵاو کردەوە, بەبۆ چوونی زۆر لەخوێنەرانی ئەوکات, هەولێکی باش بوو بۆ نووسینی شیعری نوێی کوردی , گەر ئێستاش بچیتەوە سەری هەست دەکەی دەنگیکی جوان و هێمنەو تاییەتە بە دنیاو ئەزمونی خۆم.دوایش لە ساڵی 1985 دیوانی شیعری دووەمم بە ناوی (گەر م نەبوونەوە)م چاپ کرد , چەند مانگێك دوای بڵاو بوونەوەی لە لایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر گیرام ووەك کوردەواری گووتەنی قدومی باش نەبوو, سێترە مانگم لە سەر 35سم لە زیندانەکانی بەعس بەرێ کرد.لە ساڵی 2003 دیوانی سێیەمم بە ناوی (بارانی رەحمەت) بڵاوکردەوە,لەساڵی 2006 کۆمەلە شیعری چوارمم بە ناوی( یادەوەری کەسێکی بەر با )بلا و کردەوە. کۆمەلە شیعری پێنجەمم بە ناوەی (ناوم بنێن ماڵەوە) لە ساڵی 2006 بڵاو کردەوە.بۆوەلامی بەشی دووەمی پرسیارەکەشت,. من هەمیشە حەز دەکەم خۆم بم و لە شیعر نووسین نەکەوم ..**

غازی حەسەن: **هوکاری چی یە جەلال بەرزنجی,لە نیو گێژاوی رەخنەی کوردی نیمچە گۆشەگیر کراوە, ئایا هۆکاری ئەم گۆشەگیرییە بۆ چی دەگەڕێتەوە , یان چاکتر بڵیم , رەخنە ئەگەر دروست بووبێت کەمتر ئاوڕی لە تۆ داوەتەوە,هەوەها پێتان وایە رەخنەی کوردی توانیبیەتی تۆ بخوێنێتەوە؟**

جەلال بەرزنجی: **نەبوونی رەخنەگری بێ لایەن , بێ رۆشنبیری قولْ, بێ زەوق , بێ خەیالْ , بێ گرێی دەروونی خراپ ,زائیدەن , شارچییەتی, حزب چییەتی , عەشائیرچییەتی , ناسیاریەتی, رووکەشی, قالب بەدەستی, نەشارەزای ,میزاجی کەسیەتی , نەگەڕانەوە بۆ دەق. نەبوونی خەیالْ و تواناو پێشینە باش بۆ زەوق وەرگرتن لە دەق .... هتد کاریان کردۆتە سەر دروست نەبوونی رەخنە گری بە توانا, بتوانێت بێ لایەن بێت لە دەرەوەی ئەم پەتایانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ دان ببێتە رەخنە گر.ودەق بخوێنێتەوە بۆ یە لات سەیر نەبێت دەق و شاکاری جوانیش فەرامۆش و گۆشەگیر بکرێن.وەك دشزانن , هەمیشە رەخنە کۆن دەبێت بەڵام دەقی جوان کۆن نابێت , تا ئێستا سەدان رەخنەو کتێب لە سەر شاکارەکانی (شکسپیر) نووسراوە بەڵام دەقەکانی خۆی لە هەمویان زیندوترن , , ..هەندێك نووسەرو رەخنەگری منیان خوێندتەوە , کاتی خۆی نووسەری شەهید(دلشاد مەریوانی) و نووسەرو رەخنەگر (ئازاد عەبدلواحید) لە گۆڤاری بەیان جوانیان لە سەر سەمای بەفری ئێواران نووسی . نووسەرو شاعیر (عەبدلمتەلیب عەبدولا) لیکۆلینەوەیەکی جوانی لە سەر شعری (تازە درونگە بۆ سەیر کردنی خۆرئاوا) نووسی دکتۆر ئازاد ئەحمەد لیکۆلینەوەیەکی زۆر قوڵی لە سەر شیعری پەرتەوازە بوون لە گۆڤاری رامان بڵاو کردەوە , شاعیرو نووسەر (سامی هادی )جوانی لە سەر شیعری شەڕ لە رۆژنامەی (چاودێر)نووسیبوو. عەبدولاتاهیر بەرزنجی خوێننەوەیەکی زۆر نوێ و قەڵی بۆ (سەمای بەفری ئێواران )لە رەخنەی چاودێر بڵاو کردبووەوە ,نووسەرو رەخنەگر مامۆستا کەماڵ غەمبار یش خوێندنەوەیەکی جوانی لە سەر کۆمەلە شیعری (ناوم بنێن ماڵەوە) لە گۆڤاری رامان بڵاوی کردبووەوە. ئەوە نۆ سالیشە لە دەرەوەم زۆر ئاگاداری گۆڤارو رۆژنامەکانی ناوەو نیم , داوای لێ بووردن لە هەر نووسەرێك دەکەم کە شتێکی لە سەر بەرهەمەکانی من نووسیبێ من نەمدیبێ, لێرە باسم نەکردبێ**

غازی حەسەن: **هەیە چەند دێرێك دەنووسێت خۆی بە داهێنەرو نوێخوازێکی مەزن دەزانێت ,پێت وایە دروشم بازی لە نێو شیعردا نوێبوونەوەو داهێنانە؟**

جەلال بەرزنجی : **دروشم بازی , یان نووسینی چەند دێرێك ناتوانی كەس بكاتە داهێنەری مەزن. جاری لە ئەدەب كۆتای نییە لوتكەی رەها نییە, بۆ ئەوەی بتوانی نوێخوازو داهێنەرێكی باش بییت , دەبێ زۆر ماندووبیت , نەخێر.شتێكی وا ئاسان نییە بتوانی بە دووسێ دیر بە دەستی بێنی.**

غازی حەسەن: **داهێنان كردەبییەكی خودییە.بەم بۆچونە ئێوە زەمینەی داهێنانتان لە كوێیە . ؟ لە نیو ولأت یان دنیای ئاوارەیی كامیان جێ پەنجەییان كاریگەر ترە لە سەر داهێنان؟**

جەلال بەرزنجی : **راست دەلێی , چەقی داهێنان خودی داهێنەرەو تیشكەكان لەوێوە دێن . بەڵام دەبێ ئەم زەمینەییە , یان ئەم چەقە , زۆر جوان بە رۆشنبیری و ئەزموون و بەهرە بە پیت كرابێت .ئەگەر بەهرە شتێكی خۆرسك نەگۆڕ بێت لە مرۆڤ , بەڵام رۆشنبیری و ئەزمن خۆرسك نین و دروست دەكرێن , سەفەریش كاریگەریەكی زۆری هەیە بە تاییەتی ئەم سەفەرە دوور بێ هیوابوونە تاراوەبیێك بۆ گەڕانەوە ,لە سەر پەروەردەكردنی دوو توخمەكەی تری نووسین , زەمینەی داهێنانی من ئەم ئەزموون و رۆشنبیرو و پێشینەییە كە لە ماوەی** 37 **ساڵ نووسین لە ناوەی كوردستان و تاراوگە پێكەوەم ناوە . ئێستا هەست دەكەم دنیای تاراوگە گاریگەریان زیاترە لە سەر ستایلی شیعر نووسینم.**

غازی حەسەن: **پێتان وایيە پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی و رۆشنبیری و ئازادی دەربڕن ئاشنایەتیان دە گەڵ شیعری كوردی رۆشنبیران دورست كردبێت؟ ئەگەر نا بۆچی ؟ دنیای دەرەوە لای تۆ چی دەگەیێنی؟**

جەلال بەرزنجی : **نەخێر من هەست بەوە ناكەم , چونكە تا ئێستا هەندێك ناوچەی (حەرام) كراو وەك (سێكس )( ئاین)(ریفۆرم)( رەخنەی گەرم لە سیاسەت) لە ناو رۆشنبیری كوردی ماوەو راستە (سانسۆر) لە سەر بڵاو كراوەكاندا نییە , ئەمە خاڵێكی زۆر باشە , بەڵام هێشتا نووسەری ئازاد لە كوردستان كەمە, رێژەیەكی زۆری نووسەران سەر بەلاییەنەكی سیاسین و تا ئێستا لە كوردستا ن دەزگای پەخش و بڵاوكردنەوەی ئازاد نییە.بەڵام لێرە (كەنەدا) لە بەر ئەوەی دەسەڵاتەكان لێك جیاكراونەتەوە, دەزگای پەخش وبڵاو كردنەوەی ئازاد هەنە. سیستەمی سیاسی سەقام گیر بووە ئەم ئازادیانەو ئازادی تاك ,ئازادی دەربڕن مافێكی ئاسایی هەموومرۆڤێكەوكەس لە سەری محاسەبە ناكرێ. هاتنم بۆ دەرەوە بە ئارەزووی خۆم نەبوو , حەزم لی نەبوو لە شەڕی براكوژی رام كرد , بەڵام وا وورده وورده قاچم بە لمی تاراوگە دەچێتە خوارەوەوهەست دەكەم گەر وا بڕوا ئیتر ئەگەری (فیت) بوونم لە ماڵی یەكەمم لاواز دەبێت .**

غازی حەسەن: **ئایا ئازادی رۆژنامەگەری توانیویەتی لە كوردستان كەشی داهێنا بۆ شیعر دروست بكات ,كە دەزانن ژمارەیەكی بەر چاو لە رۆژنامەی ئەدەبی ورۆشنبیری دەر دەچن, بایەخی تاییەتی بە شیعر دەدەن ,ئایا ئەویش دووچاری پەتای سیاسی بووە؟**

جەلال بەرزنجی : **دەرچوونی ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە گۆڤارو رۆژنامەی كوردی مانای ئەوە نیە كەشی داهێنا بۆ شیعر دروست بێت , وەك لە پێشەوەش گوتمان شیعر كردەییەكی خودیە, بۆیە دەبێ كەش بۆ خودی شاعیر خوش بكرێت , كە ئەویش بە تەنیابە بە دەرچوونی ژمارەیەكی زۆری گۆڤارو رۆژنامە ناكرێ.**

غازی حەسەن: **ئەگەر هەندێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە ,تا ئێستا روانگە جێگەی سەرنج و بایەخی رۆشنبیرانە .پێتا وایە روانگە توانی گۆڕان دروست بكات ؟ ئایا رونگەیەكان هەمان گوڕو تینی جارانیان هەیە لە بۆچوون پێشكەش كردنی بابەتی نوێ؟**

جەلال بەرزنجی : **بەرای من روانگە بایەخێكی ئەوتۆی ماوە , نە بەیان نامەكەی روانگە نە ئەم دەقانەی ئەم كات نووسیویانە بۆ ئێستا لاوازن , ناتوانین بیان كەینە سەرچاوەیەكی تیوری نوێخوازی .روانگە لە پەراویزی سیاست دروست بوو زیاتر خیتابێكی نەتەوەی و كۆمۆلایەتی بوو , بۆ ئەو كات شلەقاندنی ئەم گۆمی بێدەنگی پێویست بوو , توانیان هەندێ گۆڕان كاری لە ناوەرۆك تەكنیك شیعر دروست بكەن , یاخی بوون و هەوڵەكانیان بۆ نوێ بوونەو ,ئەو كات باش بوو. نەخێر جگە لە شێركۆ بێكەسی شاعیر كە سی تریان دەنگیان وا نەماوە.**

غازی حەسەن: **ئایا كاریگەری سیاسی لە حەفتاكاندا پالپشتی روانگە بوو , یان پێچەوانە؟**

جەلال بەرزنجی : **لە بەر ئەوەی لە ناوەرۆكی بەیان نامەكەی رۆانگە ئاماژە بە وەزعی سیاسی كوریش كرابوو , كەوا دیسان بە دەست وەعدی درۆو خۆدزینەوی بەعسیەكان كاتی بە فیڕۆ دەدا هەر چەندە لە لایەن هەندێك كۆلكە مەلا هێرشیان كرا سەر بەلام زۆربەی رۆشبیران و سیاسیەكانی ئەو كات پشگیریان دەكردن**

غازی حەسەن: **لە هەشتاكان گروپێكی شیعری بە ناوی شاعیرانی پێشڕەو(تەلیعیەكان) لە هەولێر دروست بوو, ئایا ئەم گروپە توانی شتێك بە شتێك بكات؟ یاخود هەر ئارەزووبوو كە وتە پەراوێزەوە؟**

**جەلال بەرزنجی: ئێمە (جەلال بەرزنجی _ دڵشاد عەبدولا _ ع ع یوسف –پێش ئەوەی محمود زامدار ئەم ناوەمان لێ بنێت هەوڵمان دەدا نوی كردنەوەیەك لە ستایلی شیعری كوردی بكەن هەریەكە لای خۆی خەریك بوو ئەم هەوڵەمان خەن و بناغەیەكی رۆشنبیری لە گەڵدا بوو بۆ نوسینی شیعر بە ستایلێكی تر, من هەر دەستم پێ كرد خۆم لە ستایلی باوی شیعر نووسینی ئەم كات رزگار كرد, ساڵی 1972بە پەخشانەشیعرم دەستم بە نووسینی شیعر كرد, ئێمە حەزمان لەم زاراوەیە نەبوو یان زاراوەی سێ كوچكەی شیعری كوردی لە هەولێر ئەمەشیان بۆچوونی زامدار بوو .نەخێر ئەم هەوڵەمان, تەنیا خەون یان ئارەزووێكی سەر پێی نەبوو , هەولێكی زۆر جدی و بەراستی بوو بۆ نووسینی شیعرێی جیاواز و نوێ .. هەر ئەو كات هەر سێكمان كۆمەڵە شیعرێكمان بە ناوی (3) دا بە سانسۆر (رەقابە) چاپی بكەین بەلام قەدەغەكرا. ئەگەر رەخنەگری بەتواناو بێ لایەن بچینەوە سەر بەرهەمەكانی ئەم كاتمان هەست بە جدیەت و كاریگەریان دەكەن هەتا لە سەر هەوڵەكانی شاعیرانی دواتریش**

غازی حەسەن: **كاتێ من بەر پرسیاریەتیم لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی هەبوو , عەباس عەبدولالایوسف لە مەڕ قوتابخانەی شیعری وتاری بلاو كردەوە , ئایا بە بۆچوونی ئێوە هەوایر قوتابخانەی شیعری تیدا دروست بوو؟**

**جەلال بەرزنجی: دیارە ئەم كاتەی عەباس ئەم وتارانەی نووسیوە من لە كەنەدا بووم , بۆیە نەم بینیون.و ناتوانم رای خۆمیان لە سەر بدەم بەلام وەك گووتم ئێمە هەوڵمان دا نوێكردنەوەیەك لە شیعری كوردی بكەین لە هەولێر , من بۆ خۆم زۆر حەز لە قوتابخانەو قوتابخانە كاری ناكەم بەلام هەوڵەكان پڕوپاگەندە نەبوون و دەقی جوان پاڵپشتیان بوون**

غازی حەسەن:لە پێشتر باسی رەوشی رۆژنامەگەری کوردیمان کرد دوای راپەڕین, لێرەدا پرسیارەکە روونتر دووبارە دەکەینەوە, .ئایا کاریگەری حزبی لەنێو شیعری کوردیدا چۆن بوو؟

جەلال بەرزنجی: حزبایەتی لە کوردستان زۆر چۆتە ناو وردەکاریەکانی ژیانی خەڵك بەبی ئەوەی ئاگادار بن ,ئازادی تاك و کەسیەتیان سنووردار بووە, هەوڵدان بۆ رێکخستنی زۆرترین ژمارەی خەڵك لە ناو حزب , ئامانجی حزبەکانی کوردستانە.شاعیرانیش بەشیکن لەو کۆمەڵگایە بە هۆی کارکردنی زۆربەی شاعیرەکان لە میدیای حزبەکان , ئەوان لە حزب ودەسەلات نزیك ترن.حزب زیاتر ئیشی بەوانە بۆ هەلسوراندنی کاروباری میدیا ,بەلام زۆرجار شاعیرەکان یات نووسەرەکان زیادەرۆی دەکە لە خۆ رەپێش کردن خۆ تۆخ کردن بە رەنگی حزب ودەسەلات ,کە ئەویش لە کۆتای زیان بەروحیان دەگەیێنێ . ئەویش دەکاتەزیان گەیاندن بە سەرچاوەی شیعر.

غازی حەسەن جەنجالیەتی جەماوەر ی شیعری کوشتوە, ئایا دەکرێ شیعر بۆ سەر دەستەبنووسرێت؟

جەلال بەرزنجی: من کەشیعر دەنووسم پێش هەموو کەسێك دەمەوی شتێك بۆخۆم بکەم دوای بۆ خوێنەرەکانم,بەلام دڵنیام هەمووکەسێك چیژ لە شیعرەکانی من وەرناگرێ ,من زۆرجارلە شیعردا باسی ژیان دەکەم , کەچی هەندێك رەنگە بڵێن لێت تێ ناگەین , بەلام دڵنیام ژیان زۆر لە شیعرەکانی من ئاڵوز ترو نادیارترو قوڵ ترە

غازی حەسەن: کاتێك جەلال بەرزنجی نائومێد دەبێت چۆن مامەلە لە گەڵ شیعر دەکات؟

جەلال بەرزنجی: شیعر هەمیشە تەکانێکی روحی دەداتە ساتەکانی نائومێدیم و ئە وساتانەی پلەی بێزاری وعەدەمیەتم زۆر دەچێتەژێر سفر,بە شیعر نووسین زاڵ دەبم بەسەر ئەم حالەتانە.

غازی حەسەن:چی بە تێکشکاندنی زمان دەبێژن؟

جەلال بەرزنجی: رێزمان لە شیعردا تێك دەشکێنرێ وابزانم زۆر شاعیری باش هەن گەر لە رێزمان ئیمتحانیان بکەی رەنگەبکەون. , ئەو قسەیەی شاعیری فەرەنسی_مالارمیە_ کە سەدەیەك بەر لە ئێستا گوتوویەتی (شیعر لە وشە پێك دێت , نەك لە مانا) هێشتا کۆن نەبووە. لە کاتی شیعر نووسین جگە لە وشە (زمان) هیچ شتێکی تر لە گەل شاعیرنامێنێتەوە , بەلام زمان لەوکاتەدا ئەو زمانە نیە کە لە فەرهەنگدا هەیە یان ئەو زمانەنیە کە قسەی پێ دەکەین. یان وتاری پێ دەنووسین.

غازی حەسەن: تۆ بیر لە شیعری ئەلکترۆنی ناکەیتەوە؟

جەلال بەرزنجی :نەخیر , جاران کە هیشتا ئەزموونی شیعر نووسینم وەك ئێستا 37 سالی بە سەردا پێنەپەڕی بوو. لاو بووم حەزم لێ بوو هەموو رێگە نوێ و نا باوەکانی شیعر نووسین تاقی بکەمە , ئێستا هەر لە بیرم نەماوە شیعری ئەلکترۆنی چۆن دەنووسرێ

غازی حەسەن:ئەنتەرنێت شیعر دوو جەمسەری لێك دابڕاون, ..تۆ چی دەڵیت؟

**جەلال بەرزنجی :من تەماشای رووە باشەکەی ئینتەرنێت دەکەم کەوا چۆن کلیك کردنی ماوس دەمباتە ناو شیعری جوانی ئەم سەرو ئەو سەری دنیا , ئینترنێت یان کۆمپۆتەر پەیوەندی منی لە گەڵ شیعر خۆشتر کردووە کاری نووسینی و هەڵەچنی بۆ ئاسانتر کردووەم**

غازی حەسەن: **دەتەوێ لە دوا کۆمەڵە شیعرت بە ناوی ( ناوم بنێن ماڵەوە) کە ساڵی 2006 بڵاو بووەوە چی بڵێین؟**

**جەلال بەرزنجی : من لە سەرەتای دەست پێ کردنی شعریم هە وڵم داوە لە بە کارهێنانی وشە زۆر دەست بڵاو نەبم و لە (سەمای بەفری ئێواران) 1979 زۆر شیعری کورت کورتم هەیە , ئەم کات ئەم ستایلە لە ناو شیعری کوردی باو نەبوو,بەڵام لە(ناوم بنێن ماڵەوە) زیاتر زۆر زیاتر دەستم لە بەکار هێنانی وشە گرتۆتەوە مامۆستای رەخنەگر کەماڵ غەمبار لە خوێندنەوەی لە سەر (ناوم بنێنماڵەوە) دەڵێ جەلال بەرزنجی کورت ترین شیعری نووسیوە, لە جیهاندا, ئاماژەی بەوەداوە کە لە شاعیری فەرەنسی (ئەرەگۆن) ش کو رترم نووسیوە. لەم کۆمەڵە شیعریە (نۆستالیژیا) (ئێستا) (تاراوگە) (ماڵەوە)( بیناکردنی جوانی) (خەونی هەونەری)( تیکەڵ بوون توانەوە دروست بوونەوەلە گەڵ شتەکان بوونی هەیە,**

غازی حەسەن:**بیستوومانە وەك (نووسەر..لە..تاراوگە) لە لایەن قەڵەمی کەنەدا لە ئەلبێرتا دەست نیشان کراویت ,د ە کرێت باسی ئەوەمان بۆ بکەیت؟**

**جەلال بەرزنجی : بەڵێ ئەمەراستە,ئەم پۆستەش تازەیەو لە دوای پێشنیارو پشتیوانی حاکمی کەنەدا بۆ نووسەرانی تاراوگە ئەم بیرۆکەیە بووە بە واقع, ئەم خەڵاتە بۆ ئەوەیە دەرفەت بۆ نووسەرە باشەکانی تاراوگە رێك بخرێت تا دەست بە تاڵ بن بۆ ئیش کردن لە سەر بەرهەمەکانیا ن بە هەردوو زمانی دایك و ئینگلیزی, جگە لە بوونی ئۆفیسی تایبەت لە(دانیشتگای ئەلبیرتا) و ئۆفیسێکی تریش لە ناو شار بۆ ئیشی رۆژانەی نووسین و ئۆرگەنایزکردنی نووسەرەکانی تر تاراوگە, نووسەری دەست نیشان کراو کۆڕو سیمناری لە زۆربەی هەرێمەکانی(پرۆڤینس) تر کەنەدا بۆ رێك دەخرێت . هەلبەتە خەڵاتەکەش کە جگە لە تایتلەکە30000دۆلارە هەلبەتە بەوەر گرتنی خۆشحاڵ بووم چونکە وەك تۆ لە پرسیاری یەکەم ئاماژەت پێ داوە هەولەکانی من گۆشەگیر کراوە, کاکە هی وا هەیە خۆی بە شاعری ونویخواز دادەنی کە دێت باسی ئەم هەوڵانەی هەولێر دەکات بە کەیفی خۆی و بە پێی میزاج ناو لادەدات ناو دێنی , وەکو لە سەرەوە باسمان کرد لە کوردستان بۆ ئەوەی خەڵات بکرێت دەبێ لە (لق) یان (مەڵبەند) تەسکیە بکرێت , کەچی من لێرە . لە وڵاتێکی غەریب , لە ناو کەلتورێکی غەریب , لە ناو زمانیکی غەریب, لە ناو خەلکانێکی غەریب .لە ناو حزب وحکوومەتێکی غەریب لە بەر ئەوەی شاعیرێکی کوردم ..نەك شاعیرێکی کەنەدم..! خەڵات دەکرم. لو وڵاتەکەی خۆشم گۆشەگیر دەکرێم, هیوادارم لە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ئەحساساتی نەبووبم , (رێکخراوی قەڵەمی کەنەدا) کە منیان خەڵات کردووە, ناوەندیکی ئینتەرناشنەلە بۆ داکۆکی کردن لە مافی (ئازادی دەربڕین) بۆ نووسەران لە جیهاندا و سپانسۆر کردنی ئەم نووسەرانەش کە لە وڵاتی خۆیاندا ژیانیان لە مەترسی دایە , ئەندامانی بۆردی ئەم ئۆرگەنایزنێشنە زۆربەیان نووسەری بەناو بانگی جیهانین , هەڵبەتە هەلبژاردنەکەی من بۆ ئەم تایتل وخەڵات کردنم لە ئەنجامی ناردنی چەندشیعرکم بوو بە زمانی ئینگلیزی وەك دەیان نووسەرو شاعیری تر کەوا لە سەرتاسەری کەنەدا بەرهەمەکانیان بۆ ئەم کاندید کردنە ناردبوو ,**

غازی حەسەن: **شتێك کە بەردەوام لێی بیزا بیت؟**

**جەلال بەرزنجی : رۆتین , درۆ, مجامەلە, هەر شتێك بیەوێ دەست لە تەنیایی و رامانم وەردات!**

غازی حەسەن: **شتێك كە هەرگیزناتوانیت لێی دابڕێت؟**

**جەلال بەرزنجی** : **رەنگە تۆش وەڵامەکەت لابێت , هەلبەتە خوێندنەوەو** (**شیعر نووسینە**)